# ئێمە لەگەڵ هێرشی سەبازی نین بۆ سەر ئێران

## ڕەزا کەعبی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ئاڵای ئازادی



ڕەزای کەعبی

دیداری : جەمال ئیختیار

**ڕەزا کەعبی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان لە بارەی کۆمەڵێک پرسی تایبەت بە ئێران و کوردستان و لەدیدارێکی ئاڵای ئازادی دا ڕاشکاوانە وەڵامی دایەوە.**

**ئاڵای ئازادی: بەگشتی قەیرانی دۆسیەی ئەتۆمی ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

ڕەزا کەعبی :قەیرانی ئەتۆمی ئێران بەشێکە لە کێشەی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. دەتوانم بڵێم دۆسیەی ئەتۆمی ئێران باشترین بەڵگەیە بۆ ئامریکا و ئە وروپاش تا کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگای نێو نەتەوەییدا تەریک بخەنەوە. ماوەیەک لەمەوپێش خامە نەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی وتی ئەگەر بێت و دۆسیەی ئەتۆمی قبووڵ بکەین، ڕۆژئاوا باسی تێرۆریزم دەکات، ئەویش قبووڵ بکەین باسی مافی مرۆڤ دەکات و دواییش باسی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسرائیل دەکەن. زەق بوونەوەی دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران لە چەند ساڵ لەمەوپێشەوە هەلێکی لەبار و گونجاوی بۆ ڕۆژئاوا خولقاند تا گوشارەکانیان لەسەر کۆماری ئیسلامی زیاتر بکەن. هێنانە گۆڕێی دۆسیەی ئەتۆمی هاوکات بوو لەگەڵ ئەگەری هێرش بۆسەر عیراق. یەکەمین جار، چەند مانگ پێش هێرش بۆسەر عیراق بوو کە ڕۆژنامەیەکی چاپی ئامریکا باسی لەوە کرد کە کۆماری ئیسلامی بە نهێنی خەریکی دروست کردنی چەکی ئەتۆمیە.

هەربۆیە من پێم وایە دۆسیەی ئەتۆمی بەشێک لە کێشە و قەیرانێکی زۆر گەورەتر و قووڵتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئێستا وا دیارە ناوەندی ئەم قەیرانە کۆماری ئیسلامیە. هەر هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە، پاشەکشە و سەرەنجام گۆڕینی دەسەڵات لە ئێران کە کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا نیشانی دا کە هیچ چەشنە لە سازان و گۆڕانی پێوە دیار نییە. مانەوەی ئەم ڕژیمە زۆرتر و زیاتر لە گرەوی ئەوەدایە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نا ئەمن بمێنێتەوە، تیرۆریزم و بونیادگەرایی ئیسلامی بەهێز بێت، ئێران سەقامگیر نەبێت و هەڕەشە و مەترسی ڕژیمێکی ئیسلامی وەک حکوومەتی ئیران بەسەر وڵاتانی ناوچەکەدا وەک دەیان ساڵی ڕابردوو بەردەوام بێت.

**ئاڵای ئازادی: دەربارەی قەیرانی ئەتۆمیی ئێران، بۆچی ئێران؟ بۆ نموونە بۆ ئیسرائیل نا، کە خاوەنی چەکی ئەتۆمییە؟**

ڕەزا کەعبی : زۆر ڕوونە کە ئەوە تەنیا ئیسرائیل نیە کە خاوەنی چەکی ئەتۆمیە. لە پەنای ئێرانەوە، پاکستانیش خاوەنی چەکی ئەتۆمیە. هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بە مانای مەترسیەک بوو بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی کەنداو و دراوسێکانی ئێران. بە مانای هەناردنی شۆڕشی ئیسلامی (سدور انقلاب اسلامی) گەشەی بونیادگەرایی ئیسلامی و تیرۆریزم، دژایەتی لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەهێزکردن و پڕچەک کردنی حەماس لە فەلەستین بووە و هەیە.

**ئاڵای ئازادی: ئەگەری پێکدادانی نێوان ئامریکا و ئێران، بە ڕای جەنابتان تا چەندەیە؟**

ڕەزا کەعبی :هێشتا زۆر زووە کە قسە لە پێکدادانی نێوان ئامریکا و ئێران بکرێ. من پێم وانیە سناریۆی عیراق لە ئێران دووپات بێتەوە. هێرش بۆ سەر چەند شوێنی دەستنشان کراو ڕەت ناکەمەوە، بەڵام پێم وایە وەک هێرشێکی گەورە و چوونەوە ژووەوە وەک ئەوەی لە ئێراق کرا، لە کاتی ئێستادا ناتوانێ جێگای قسە بێت.

**ئاڵای ئازادی: ستراتیژی ئامریکا گۆڕینی ڕژیمی ئێرانە یاخود بەرگری لە دەست پێڕاگەیشتنی ئەو ڕژیمە بە چەکی ئەتۆمی و پێکهێنانی گۆڕانکاری لەناو ڕژیمی ئێراندا بە هێشتنەوەی ساختاری ئێستا؟**

ڕەزا کەعبی :پێم وایە نە تەنیا ئامریکا بەڵکو ئێستا ئەورووپاش لەسەر گۆڕینی ڕژیمی ئێران ڕێکەوتوون. لە مانگی دووی ساڵی ڕابردوودا (٢٠٠٥) کە جۆرج بووش سەفەرێکی چەند ڕۆژەو بەرچاوی بۆ ئورووپا کرد، لەو کاتەوە خیتابی سیاسیی ئوروپاو ئامریکا لەسەر کۆماری ئیسلامی، لەسەر دۆسیەی ئەتۆمی و تەنانەت لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر زوو لە یەک نزیک بووەوە و بەتایبەت لەسەر کۆماری ئیسلامی، هەم ئوروپا ڕاگەیاندنی خۆی لەسەر ڕژیمی تاران توندتر کردووە و هەم ئامریکا تێکۆشا کە بە تەنیا خۆی تووشی کێشە نەکا و بەڵکوو لەگەڵ ئوروپا زۆر هاوئاهەنگتر بێت. پاش ئەو سەفەرە و بەتایبەت پاش هەڵبژاردنەکانی ئاڵمان، سیاسەتی ئاڵمان زۆر گۆڕانی بەسەر هات. هەروەها فەرانسە کە هەمیشە پەیوەندیی زۆری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەبوو، سیاسەت و هەڵوێستەکانیان بە ئاشکرا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، تەنانەت شیراک باسی ئەوەی کرد کە ئەگەر بێتو پێویست بێ، بە چەکی ئەتۆمی لە تیرۆریستەکان دەدەن.

لەو دیدارەی بووش لەگەڵ ئوروپا، لەسەر گۆڕینی ڕژیمی تاران ڕێکەوتوون و لەو کاتەوە زۆرتر و زیاتر میدیاکانی ڕۆژئاوا ئەوەیان سەلماندووە کە هەر جۆرە گۆڕانێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گۆڕانی ڕژیمی ئێرانەوە بەستراوەتەوە. ڕاشکاوانەتر باسی دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران، باسی دەورو نەخشی کۆماری ئیسلامی لە ئێراق، باس لە مافی مرۆڤ و پشتیوانی لە گەلانی ئێران و ئازادی لە ئێران دەکرێ.

**ئاڵای ئازادی: میانەڕەوی ئورووپا بەرامبەر بە ئێران یان توندڕەوی ئامریکا، کامیان؟**

ڕەزا کەعبی :هەروەک ئاماژەم پێدا، ئورووپا و ئامریکا لەسەر گۆڕینی ڕژیمی ئێران ڕێکەوتوون، ئەوەی کە لە پرۆسەی ئەم کێشەیەدا هەر کامیان چۆن هەڵوێست دەگرن، لەم ڕاستیە کە هەر دوو لا خزمەت بە ستراتیژێکی هاوبەش دەکەن، هیچ کەم ناکاتەوە.

**ئاڵای ئازادی: پێتان وایە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە کۆتاییدا لەسەر مەسەلەی ئێران ڕێک بکەوێت؟ چین و ڕووسیە چ ڕۆڵێک دەگێڕن؟**

ڕەزا کەعبی :کۆتایی ئەم قەیرانە یا قۆناغی یەکەمی ئەم قەیرانە، گۆڕینی ڕژیمی ئێرانە، پێم وانیە کتوپڕیش بکرێت. قسە لە جۆرێک سازان و چاوەڕوانی بۆ ساغکردنەوەی هەموو لایەک ناکەم، بەڵام ئەگەر قسە لە کۆتایی بێت، دەبێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بڕوات. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە مانەوەی ڕژیمی ئیسلامی لە ئێران ڕووی خۆشی و ئارامی نابینێت.

چین و ڕووسیەش سەرەنجام ڕازی دەبن؟ ئەوان نایانهەوێت کۆماری ئیسلامی هەرزان فرۆش بکەن، چین کە نایهەوێت خۆی تووشی کێشەیەک بکات کە هەم بەرادەیەک لەو دوورە و هەم زۆر زەرەری پێناگەیەنێ، بەڵام ڕووسیە جۆرێکی دیکەیە. ئەم قەیرانە ڕاستەوخۆ ئەویش دەگرێتەوە، گۆڕینی ڕژیمی ئێران لە کاتێکدا کە هیچ داهاتوویەکی ڕوونی نیە، زۆر زۆر دەتوانێ بۆ ڕووسیە جێگای مەترسی بێت. هەر بۆیە لە قەیرانی ئەتۆمیی ئێستادا ڕووسیە دڵنیگەرانترە و تا بتوانێ لە نیگەرانیەکانی خۆی کەم دەکاتەوە.

**ئاڵای ئازادی: ئایا ئێوە وەکوو چەپەکان، دژایەتی وەشاندنی گورزی سەربازی لە ئێران دەکەن؟**

ڕەزا کەعبی :"چەپەکان" لە دونیای ئەمڕۆدا ناتوانی سەرنجی ئێمە بۆ ڕێبازێکی سیاسی و یان بیروبۆچوونێکی دیاریکراو ڕابکێشی، بەڵام هەڵوێستی ئێمە ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ هێرشی نیزامی بۆسەر ئێران نین، ئەوەی کە لە ئێراق ڕوویدا. بەڵام ئێمە بە مافی ڕەوای گەلانی ئێران و بەتایبەت گەلی کوردی دەزانین کە هاوپشتیی جیهانی و نێودەوڵەتی بۆ خۆی دەستەبەر بکات، لە قەیرانی ئەتۆمی لە ئێران و لەو قەیرانە قووڵەی کە سەر تاپای کۆماری ئیسلامیی داگرتووە و لە کاتێکدا کە کێشەی جیهانی زەقتر دەبێتەوە، ئێمە ناتوانین بە بیانووی دروشمی دژی ئەمپریالیستیی دەیان ساڵی پێشوو، پشت لە گەلەکەی خۆمان و ڕزگاریی ئەو گەلە بکەین، هەر بۆیە ئێمە ڕاشکاوانە ڕامانگەیاندووە کە دەبێ کۆماری ئیسلامی بڕوات.

لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا هەوڵمان داوە جیهان قانیع بکەین کە دەست لە ڕژیمی ئێران هەڵگرن، زۆر جار داوامان لە ئورووپا کردووە کە دیفاع لە ئێران نەکات، ئایا ئێستا کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سیاسەت و هەڵوێستێک دەگرێ کە بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی لە ئێران و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بەتایبەت دەتوانێ کەڵکی گەورەی لێ وەربگرێ، دەبێ لە دەستی بدەین؟

**ئاڵای ئازادی: تا چەند لەگەڵ ئەو ئاراستە سیاسیەن کە دەڵێت هێرشی دەرەکی دەبێتە هۆی بەهێزتر بوونی پێگەی توندڕەوەکان لە ئێران؟**

ڕەزا کەعبی : ڕێک بە پێچەوانەوەیە، تا ئێستای قەیرانی دۆسیەی ئەتۆمی لە ئێران، ئەوەی کە شاهیدی بووین شکانی توندڕەوەکانە، ڕاستە لە میدیاکاندا هەڕەشە دەکەن، بەڵام توندڕەوەکان هیچ کات لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا وەک ساڵی ڕابردوو، بەرامبەر بە خەڵک، بە پۆشینی لیباس، بە هاتو چۆی کچان و کوڕان و تەنانەت بە بزووتنەوە جەماوەریەکان (تا ئەو جێیەی بۆیان کراوە سەرکوتیان کردووە)، بەڵام زۆر جاریش چاوپۆشی دەکەن و کردوویانە.

**ئاڵای ئازادی: بە بۆچوونی جەنابتان کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەمریکا چۆن دەتوانن یارمەتی خەڵکی ئێران بدەن بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری بەشێوەی دیموکراتیک؟**

ڕەزا کەعبی :بە پشتیوانیی ڕاشکاوانە لە بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی، لە مافی گەلان، لە مافی کرێکاران و ژنان.

**ئاڵای ئازادی: ئێوە چۆن بە پیر گۆڕانکاریەکانەوە دەچن، بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆتان بەجێ بهێنن بۆ چەسپاندنی مافی کورد و دیموکراسی لە ئێراندا؟**

ڕەزا کەعبی :کۆمەڵە هەوڵ دەدات لە کوردستان بەرەیەکی نیشتمانی بەهێز لە هێزە سیاسیەکان و کەسایەتیە خۆشناو و تێکۆشەرەکانی کوردستان پێک بهێنێت. لە ئێراندا ئێمە زۆر لە مێژە قسە لە پێکهێنانی بەرەیەکی دیموکراسیخوازی دەکەین، هەروەها ئێمە بەرەیەک لە گەلانی ئێران بۆ مسۆگەر کردنی مافی گەلانی دانیشتووی ئێران لە داهاتوودا، بە پێویست دەزانین.

**ئاڵای ئازادی: دەکرێ بارودۆخی کوردستانی ئێران و نارەزایی خەڵک لە ڕژیم شی بکەنەوە؟**

ڕەزا کەعبی :بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، قۆناغێکی هەستانەوە و بووژانەوە تێپەڕ دەکات، بەتایبەت پاش هەڵچوونی جەماوەری لە هاوینی ڕابردوودا، بزووتنەوەی سیاسی گەشەی کردووە، پانتایی ئەم بزووتنەوەیە هیچ کات لە کوردستانی ئێران ئەوەندە بەرین نەبووە و بەشێکی زۆر بەرچاوتری لە خاک و دانیشتوانی کوردستان لە خۆ گرتووە. ترس لە داموو دەزگاکانی ڕژیم جێی خۆی داوە بە خەبات و دژایەتی ڕاشکاوانەی خەڵک، زیندانەکان جێگای خۆڕاگرین، هێزە سیاسیەکان لە باری ستراتیژیی ئەم بزووتنەوەیەوە هیچ کات ئەوەندە هاوئاهەنگ نەبوون. فیدرالیزم بووەتە دروشم و ستراتیژی هەموو هێزێک.

کۆمەڵگای کوردستانی ئێران لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا، گەلێک ئاڵو گۆڕی گەورەی کۆمەڵایەتیی بەخۆوە بینیوە، ئەم کۆمەڵگایە ئێستا بە هیچ جۆرێک لەگەڵ سی ساڵ لەمەوپێش و لە کاتی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، هاوسەنگ نیە. بزووتنەوەی سیاسی و ڕزگاریخوازی و ئاوات و ئارەزوو بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی بە ڕاستی جێگای سەرنجە. پێگەی ژن لەم کۆمەڵگایەدا گۆڕاوە، خوێندەواری لە ئاستێکی بەرچاودا گەشەی کردووە. بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستان، دیاردەیەکی نوێی ئەم ساڵانەیە. خوێندکارانی کورد لە زۆربەی زانستگەکانی ئێراندا درەوشاونەتەوە، بزووتنەوەی ڕووناکبیری لە کوردستان بەڕاستی گەشەی کردووە، کوردستان زۆرتر و زیاتر بووەتە کۆمەڵگایەکی ڕێکخراو، تەنیا لە شاری سنە ٥٦ ngoهەیە. لە هەموو شارەکان چەندین ئەنجومەنی ئەدەبی و ڕووناکبیری هەیە، ڕۆژنامەوانی، چاپەمەنی، چیرۆک و شیعر، سینەما، پەیکەرتاشی، مۆسیقا، لە ئاستێکی بەرز دان، شارەکان زۆر گەورە بوونەتەوە، هاتو چۆی خەڵک لە کوردستانەوە بۆ وڵاتانی جیهان لە ئاستێکی بەرین و بەرفراوان دایە. ئەم ئاڵو گۆڕانە گەلێک شوێنەواری قووڵ و بنچینەیی داناوە. فەرهەنگی سیاسی گۆڕاوە. ئەم ئاڵو گۆڕە کاریگەریی کردووەتە سەر هێزە سیاسیەکان. حیزبایەتی لە کوردستان گۆڕاوە. حیزبەکان دەبێ بتوانن ئاڵو گۆڕی بەرچاو لە ساختاری حیزبی و سیاسی و ڕاگەیاندن و هەڵسو کەوت لەگەڵ نەیارانی ناوخۆ و دەرەوەی خۆیان پێک بهێنن. هەروەها گەلێک دیاردەی دیکە کە مەجالی باسکردنیان لەم وتووێژەدا نیە.

**ئاڵای ئازادی: پێگەی جەماوەری کۆمەڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینن؟ هەروەها توانای ئێوە وەک هێزی پێشمەرگە و قوڵی سەربازی لە چ ئاستێکدایە؟**

ڕەزا کەعبی :کۆمەڵە بە تایبەت لە دوای هاتنە دەرەوە لە حیزبی کۆمۆمیستی ئێران لە ٦ ساڵ لەمەو پێشەوە، بە خێراییەکی بەرچاو گەشەی کردووە. دیارە هەلومەرجی سیاسیش زۆر یارمەتی ئێمەی داوە. لە ماوەی ٦ ساڵی ڕابردوودا، کۆمەڵە و ڕێبازەکەی بەرچاوتر بووەتە جێگای باس و لێدوانی هێزە سیاسیەکان و ناوەندە ڕووناکبیریەکان، باسی فیدرالیزم و بەرەی کوردستانی لەم قۆناغەدا یەکەمین جار لە لایەن کۆمەڵەوە هاتە ئاراوە، جێ و شوێنی سیاسەت و ڕێبازی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستاندا زۆرتر لە جاران بەرچاو دەکەوێت.

بۆ هەڵسەنگاندنی پێگەی جەماوەریی کۆمەڵە، بەڕاستی ئامارێکی دروستمان نیە. بەڵام کۆمەڵە وەک یەکێک لە دوو هێزی گەورەی کوردستان ناسراوە و ئێستا و داهاتووش هەر ئەوەمان پێ دەڵێ، بەڵام پێم وایە کۆمەڵە زۆر زیاتر توانیویتی کارێکی وا بکات کە سیاسەت و ڕێبازەکەی دەنگدانەوەی زۆرتری هەبێت، ئاستی پێشمەرگایەتی و سەربازیی کۆمەڵە ئێستا بۆ کارێکی و پارتیزانیە و لێرە و لەوێ دەتوانێ وەڵام دەرەوە بێ، بەڵام بۆ هەستانی جەماوەری و یەکلاکەرەوە، کاری زۆری دەوێ، ئەویش لە نەخشە و سیاسەتی ئێمەدا هاتووە کە دەبێ بە خێرایی خۆمان بەهێزتر بکەین.

**ئاڵای ئازادی: دانوستان لەگەڵ ئێراندا دەکەن یان پێتان وایە ڕژیم دەبێ بڕوخێ؟**

ڕەزا کەعبی :ئێمە هەمیشە دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە مافی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و هێزە سیاسیە گەورەکانی کوردستان دەزانین، دانوستانیش کراوە لە قۆناغی جۆراوجۆردا، بەڵام هەر دانوستانێک دەبێ بە ئاشکرا و دیاریکراو بێت، ئێمە هیچ کات لەسەر کۆمەڵەو مافی چالاکی کۆمەڵە دانوستانمان نەکردووە و لەوبارەوە هیچ جۆرە داخوازیەکیشمان نەبووە و نیە. بەڵام بە مافی خۆمان و بزووتنەوەکەی دەزانین ئەگەر پێمان وابێ بە دانوستان دەتوانین بەشێک لە مافەکانی خەڵک و بزووتنەوەکە دەستەبەر بکەین.

**ئاڵای ئازادی: لەم دواییەدا هەواڵی ئەوە بڵاو بۆوە کە بە نهێنی لەگەڵ باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی لە بەغدا کۆبوونەتەوە؟**

ڕەزا کەعبی :ئەم هەواڵە بەهیچ جۆرێک ڕاست نیە، ئەوەندەش بێ پایە بوو کە ئێمە تەنانەت بە پێویستمان نەزانی وەدرۆی بخەینەوە.

**ئاڵای ئازادی: ئەمریکا هیچ بانگێشتێکی ئێوە و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێرانی کردووە بۆ هاوکاری؟**

ڕەزا کەعبی :نەخێر.

**ئاڵای ئازادی: پێکهێنانی بەرە تا چەند پێویستە بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی کورد لە کوردستانی ئێران؟**

ڕەزا کەعبی :پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵات، بزووتنەوەی کوردستان دەباتە قۆناغێکەوە کە بەڕاستی زۆر جیاواز دەبێ. خاڵێکی وەرچەرخان دەبێ. هێز و توانای بزووتنەوەکە بە ڕاستی چەند بەرابەر دەکات.

**ئاڵای ئازادی: باسی ڕۆڵ و نەقشی کۆمەڵە لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن؟**

ڕەزا کەعبی :لە هاوینی ٢٠٠٣دا کۆمەڵە لە کۆنفرانسی خۆیدا، یەکەمجار باسی بەرەی کوردستانی کرد، زۆرمان هەوڵ بۆ دا. بەخێرایی پێشوازی لێکرا. لەناوخۆی کوردستان و لە دەرەوە، تا ئێستاش بووە بە قسە وباسی هەموو کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و ڕووناکبیری، ئێستاش هەوڵی بۆ دەدەین کە بەرەیەکی دیموکراتیک، بەهێز و بە ئوسلووبی سیاسی پێشکەوتوو و جەماوەری پێک بێت.

**ئاڵای ئازادی: پەیوەندی و کاری هاوبەشی ئێوە لەگەڵ حیزبی دیموکرات و حیزبەکانی دیکەی کوردستانی ئێران بۆ دروست کردنی بەرە لە چ ئاستێکدایە؟**

ڕەزا کەعبی :بەهیچ جۆرێک باش نیە. بەڵام بەڕاستی کۆمەڵە هەوڵی خۆیداوە. ئامادەیی و بڕوا بەخۆیی بۆ هاوکاریی و کاری هاوبەش لە کۆمەڵەدا لەگەڵ هێزە سیاسیەکان زۆرە، بەڵام بەداخەوە وەڵامی گونجاوی خۆمان وەرنەگرتۆتەوە.

**ئاڵای ئازادی: دەڵێن ئێوە داواتان کردووە (پژاک) لە بەرەدا بەشدار بێت بەڵام حیزبی دیموکرات ڕازی نیە؟**

ڕەزا کەعبی :نەخێر وانیە. نە ئێمە داوامان کردووە و نە حیزبی دیموکرات.

**ئاڵای ئازادی: بە ڕای جەنابتان بەرە دەبێ چۆن بێت؟**

ڕەزا کەعبی :بەرەی کوردستانی، لە هێزە سیاسیەکان و کەسایەتیە خۆشناو و تێکۆشەرەکانی کوردستان پێک دێت، بەرە دەتوانێ و دەبێ یەکەمین ئەزموونی دیموکراتیک، پێکەوە ژیان، کۆکردنەوەی نەیارانی سیاسی لە پرۆژە و ستراتیژێکی هاوبەش و بەردی بناغەی دەسەڵاتێک بێت کە هەموو لایەنەکان بە تەوافوق لەسەری پێک دێن، بەرەی کوردستانی لە قۆناغی ئێستا و پێش ڕووخانی ڕژیم و لە قۆناغی دوای ڕووخانی ڕژیم ڕۆڵی جۆراوجۆری دەبێت.

بەرەی کوردستانی بە بڕوای من لە هەر بەشێک پێک بێت، نابێ ئەرکە نەتەوەییەکانی خۆی فەرامۆش بکات. بەرە هەر بە تەنیا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لە بەشێک لە کوردستاندا نیە، هەر بۆیە دەبێ لە جێگا و ڕۆڵی خۆی زیاتر بە ئاگا بێت.

**ئاڵای ئازادی: پەیوەندیی ئێوە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی و سەراسەری لە ئێران چۆنە؟**

ڕەزا کەعبی :لە کوردستاندا ئاماژەم پێکرد، بەڵام دەبێ زۆر زیاتری بکەین، لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سەراسەری، ئەم ئۆپۆزسیۆنە زۆر زۆر بەربڵاوو چەند لایەنەیە. بەڵام کۆمەڵە ساڵەهایە کە بۆ سەراسەری قسە لە پێکهێنانی بەرەیەکی دیموکراسیخوازی دەکات، هەوڵمان بۆ داوە. بەڵام کۆکردنەوەی زۆر کارێکی ئاسان نیە. لە بەشێک لەم هەوڵانەماندا حیزبی دیموکراتیش بەشدار بووە. لە ڕێگەی دەزگای ڕاگەیاندنی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ڕۆژهەڵاتەوە، پەیوەندیمان لەگەڵ ناوخۆی ئێران باشە و دەتوانم بڵێم لە ناساندنی بزووتنەوەی کوردستان و ڕاکێشانی هاوپشتی بۆ ئەم بزووتنەوەیە، بێ کاریگەری نەبووە.

**ئاڵای ئازادی: هەلو مەرجی کۆمەڵە لە تاراوگە و هەروەها پەیوەندیتان لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی کوردستانی باشوور چۆنە؟**

ڕەزا کەعبی :لە تاراوگە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە هەمیشە لە هەموو جمو جووڵێک بۆ دیفاع و پشتیوانی لە بزووتنەوەی کوردستان، پەیوەندی لەگەڵ هێزە سەراسەریەکان، لەقاودانی جنایاتی ڕژیم و پەیوەندی لەگەڵ حیزب و پارلمانەکانی وڵاتانی جۆراوجۆردا بەشدار بووە.

لەگەڵ هێزەکانی باشووریش پەیوەندیمان باشە. لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی پەیوەندیەکی دێرینە و مێژوویيمان هەیە. لەگەڵ پارتی هەمیشە هەوڵمان داوە پتەوتری بکەین.

**ئاڵای ئازادی: هەڵوێستی دوو حیزبی سەرەکی کوردستانی باشوو دەربارەی کار و چالاکیی ئێوە بە شێوەی نیزامی چۆنە؟**

ڕەزا کەعبی :کاروچالاکی نیزامیی ئێمە بەگشتی سەربەخۆیە. ڕاستە سەرکردایەتی کۆمەڵە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمە لە کوردستان، بەڵام بە هیچ جۆرێک لە کاروباری ئێمەدا تەداخولیان نەکردووە.

**ئاڵای ئازادی: کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران هێرشەکانی ئێرانی بۆ سەر سنووری باشووری کوردستان مەحکووم کرد, دەکرێ زیاتر ئەو هەڵوێستەمان بۆ شی بکەنەوە؟**

ڕەزا کەعبی :زۆر ئاساییە کە مەحکوومی بکەین. ڕژیمێکی داگیرکەری وەک کۆماری ئیسلامی، کە سی ساڵە بە زۆری چەک و کوشتار و ئیعدامی بە کۆمەڵ ماوەتەوە، چۆن دەبێ هێرش بکاتە سەر بەشەکانی دیکەش.

**ئاڵای ئازادی: یەکبوونەوەی ئیدارەکان لە باشووری کوردستان چۆن دەبینی و کاریگەری چۆن دەبێتە سەر پارچەکانی دیکەی کوردستان؟**

ڕەزا کەعبی :یەکبوونەوەکە زۆر درەنگ ڕوویدا، بەڵام پێویست بوو. خەڵک لە ڕۆژهەڵات پێشوازیان لێکرد. یەکگرتن و دوورەپەرێزی لە قاڵمەقاڵی حیزبایەتی بە شێوازی کۆن، بووەتە داخوازیەکی ڕەوای خەڵک. دەتوانم بڵێم کە لە سەردەمی ئێمەدا حیزبێک بە کاری هاوبەش و گێڕانی ڕۆڵ و دەور لە پێکەوەژیانە کە دەتوانێ ڕۆڵ و دەوری خۆی وەک حیزبێک نیشان بدات نەک بە پاوانخوازی و دژایەتی کردنی هەر ڕۆژە لەگەڵ ئەم و ئەو.

**ئاڵای ئازادی: سەردانی عەبدوڵای موهتەدی بۆ ئامریکا لەسەر بانگهێشت بوو یان خۆی چووە؟**

ڕەزا کەعبی :خۆی چووە. کۆمەڵە لە ساڵانی ڕابردوودا هەوڵێکی زۆری داوە کە لەگەڵ دەوڵەتان پارلمانەکان و حیزبە سیاسیەکان لە تاراوگە پەیوەندی ساز بکات.

**ئاڵای ئازادی: چاویان بە کێ کەوتووە و چ دانوستانێکیان لەگەڵ کراوە؟**

ڕەزا کەعبی :زۆر دیداری بووە کە پێم وابێ لە ڕاپۆرتی داهاتووی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە بو کۆنگرە باسی لێدەکرێت. بەڵام وەک دانوستان، کاریکی وەها نەکراوە.

**ئاڵای ئازادی: پێتان وانیە کە ئامریکا کێشەی نەتەوەکان و ڕێکخراوە سیاسیەکان لە ئێران وەک کارتێکی گوشار بەکار بهێنێت و دوایی پشتتان تێ بکات؟**

ڕەزا کەعبی :هیچ شتێک پێشبینی ناکرێ. بەڵام هێزێکی سیاسی ئەگەر نەتوانێ هەڵسوکەوتی خۆی لەگەڵ دونیای دەرەوە و داهاتووی پەیوەندیی خۆی بە باشی لێک بداتەوە، چۆن دەتوانێ هێزی پێشڕەو بێ و خەڵک پشتی پێ ببەستن؟

**ئاڵای ئازادی: دوا پرسیار. ئەتەوێت چی بڵێیت و دوا تێبینی جەنابت چیە؟**

ڕەزا کەعبی :زۆر سپاستان دەکەم. لە کۆتاییدا پێم خۆشە بڵێم کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەردەم گۆڕانکاریی گەورەدا وەستاوە. ناوەندی ئەم گۆڕانکاریە ئێرانە. هەربۆیە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان هەلێکی مێژوویی هەڵکەوتووە. هەرجۆرە گۆڕانکاریەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەزانین کە تا چ ڕادەیەک کاریگەریی هەیە لەسەر کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سنوورە دەستکردەکانی بەتایبەت نێوان ڕۆژهەڵات و باشوور مانایەکی نامێنێ. هەربۆیە دەبێ میدیا و ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی سیاسی لە کوردستانی عیراق وردبینانەتر سەرنج بدەنە سەر کوردستانی ڕۆژهەڵات و زۆرتر باسی بکەن.